www.kurdistannet.org
3-2-2003 16:36

# لەم هایوهووەی دەروێشاندا
# کێن ئەوانەی بەرگری لە سەدام دەکەن

رزگار عەبدوڵلاّ سەعید

لەم ماوەیەی دواییدا و هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئەگەری لێدانی عێراق لەلایەن ئەمەریکا و (هاوپەیمانەکانییەوە) و، نزیکبوونەوەی وادەی ئەو گورز وەشاندنە بە گوێرەی پێشهات و پەرەسەندنە سەربازی و دیپلوماتییە چڕ و بەردەوامەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا لە ناوچەکە، لە ژمارەیەك لە پایتەختەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و تەنانەت لە هەندێك وڵاتی ئەورووپایی و لە ئەمەریکاش، خۆپیشاندان و ڕێپێوان لە دژی ئەم شەڕە ئەنجام دەدرێ.

پاڵنەر و هۆکاری بەشداربووان جیاوازە؛ عەرەبەکان بە ناوی (عروبە) وەو، ئیسلامەکان بە ناوی (موسلمانێتی) یەوەو، ئەورووپایی و ئەمەریکاییەکانیش بە ناوی مرۆڤایەتی و هەندێك جاریش بەناوی چەپخوازی و دژایەتیی ئەمەریکا و رۆژئاوا بەگشتی، بەشداری لەو ڕێپێوان و خۆپیشاندانە دەکەن.

سەدام کە لە ساڵی (١٩٧٩) دەستەڵاتی گرتە دەست و، هەستی کرد ئێرانی دوای رووخانی شا (کە ساڵێك بوو شۆڕشی لێ بەرپا ببوو) ، هێشتا وەك پێویست خۆی کۆنەکردۆتەوەو، جۆرێك لە ململانێ و دووبەرەکی لە نێوان سەرکردەکان و رابەرانی شۆڕشی ئیسلامی هەیە، بە ناوی بەرگریکردن لە (البوابە الشرقیە) ی نیشتمانی عەرەب پەلاماری ئێرانی دا و بەشێکی سەرسنووریشی داگیرکرد و پەیماننامەی جەزائیری هەڵوەشاندەوە، کە لەوێدا بە مەبەستی دامرکاندنەوەی شۆڕشی کورد و هاریکارینەکردنی لەلایەن ئێرانەوە، عێراق نیوەی (شگ العرب) و چەند ناوچەیەکی سنووریی بە ئێران بەخشیبوو و، ٨ ساڵ بەناوی (عروبە) وە شەڕی ئێرانی ئیسلامیی کرد. بۆ پێکهاتنیش داوای هەرسێ دوورگەی (گنب الصغری) و (گنب الکبری) و (أبو موسی) ی دەکرد کە ئیمارات و ئێران بانگێشتەی ئەوە دەکەن بەشێکی خاکەکەیانە.

بەڵام کاتێك لە ساڵی (١٩٩٠) بۆ دەرچوون لەو قەیرانە ئابوورییەی ئەو کات تێی کەوتبوو پەلاماری (کوێت) ی عەرەبیی دا و داگیری کرد، بای دایەوە سەر ئیسلام و ناوی خۆی نا (عبداللە المؤمن) و لە (ئیلهامێکدا) لەسەر ئاڵای عێراقی نووسی (اللە اکبر) !.

بۆ ئەوەش رووپۆشە ئیسلامییەکە جوانتر پێوەی دیار بێت، لە بەرامبەر کشانەوەی لە کوێت، داوای دەکرد ئیسرائیلیش لە خاکی فەلەستین بکشێتەوە و (قودس) ی پیرۆز لە جوولەکە رزگار بکرێت! ئەمەش لە کاتێکدا کە بە داگیرکردنی کوێت سەدان هەزار خێزانی فەلەستینی ئاوارە و نانبڕاو بوون و، دنیای عەرەب بە شێوەیەك درزی تێکە وت کە تا ئێستاش نەچۆتەوە دۆخی جارانی.

سەبارەت بەوانەش کە بە ناوی مرۆڤایەتییەوە بەرگری لەو رژێمە دەکەن و ئەو ئامارەی رژێم دەخەنەوە بەرچاو کە ساڵی ئەوەندە منداڵە عێراقییە لە سایەی ئابڵووقەدا دەمرن و، لە ساڵی (١٩٩١) ەوە ئەوەندە مردوون؛

بەر لە هەموو شتێك بە بەراوردێکی بچووکیش لەگەڵ ئەو بەشە رزگارکراوەی هەرێمی کوردستان، وێڕای ئەو هەموو کەموکوڕییەی هەیە، هێشتا (بەپێی ئامارەکانی UN کە لەو نێوەندەدا بێ لایەنن) هەست دەکرێ کە رەوشەکە لێرە زۆر باشترە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رێژەیەکی باش لەو کارەساتە دەستەڵاتدارانی عێراق خۆیان لێی بەرپرسیارن. ئەوە جگە لەو راستییەی کە ژمارەی ئەوانەی بەدەستی رژێم خۆی لە نێو براون و لە نێو دەبرێن، چ لە کارەساتی ئەنفالەکان و کیمیابارانەکان و تێکدانی گوندەکان و لە سێدارەدان و شوێنبزرکردنی دەیان هەزار بە تۆمەتی جیاجیا و، چ لە شەڕی ماڵوێرانکەری لەگەڵ ئێران و شەڕی کوێت و شەڕی بەردەوامی ناوخۆی لەگەڵ کوردان، دەقاتی ئەو ژمارەیە دەبێت کە گوایە ساڵانە بەهۆی ئابڵووقەی ئابوورییەوە دەمرن، کە دیسان هەر رژێم خۆی بەرپرسیارە لێی. ئەمە جگە لە چەند ملیۆنێك کە بۆ دەربازبوون لەو چەوساندنەوە و کۆت و بەند و پێشێلکارییەی دەرهەق بە خۆیان و خێزانەکەیان دەکرا، روویان لە هەندەران کرد و ئاوارە بوون.

لە وڵاتێکدا کە نەك بەرەنگاربوونەوە و رای بەرامبەر قبووڵ نییە، بەڵکو تەنانەت گومانێك بەسە بۆ لەناوبردن و شوێنبزرکردنی خۆی و خێزانی ئەو کەسەی گومانەکەی لەسەرە، لە وڵاتێك کە تاکە یەك حزب و یەك سەرکردە و یەك کەناڵی تەلەڤزیۆن و یەك جۆر رۆژنامە و، یەك گوتار و یەك لێکدانەوەی لەسەر رووداوەکان قبووڵ بێت، بە چ بەهانەیەکی مرۆیی یان چەپخوازی بەرگریی لێدەکرێت؟

سەدامێك کە پەلاماری دراوسێکانی بدات و مایەی هەڕەشەی بەردەوام بێت بۆیان، کە بەدەستێکی پۆلایینی خوێناوی حوکمی گەلەکەی خۆی بکات و، بۆ گەیشتن بە مەرامەکانی لە کوشتن و بڕین و وێرانکردن و تەنانەت قڕکردنی بە کۆمەڵیش سڵ نەکاتەوە، لەناوبردنی گەورەترین هاریکارییە بۆ گەلەکەی و بۆ وڵاتانی دەروبەریشی.

هەر بۆیەش: هەڕەشەکردن و لەناوبردنی ئەو رژێمە، نەك هەر هەڕەشە نییە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و مەترسیی کارەساتێکی مرۆیی تازەی لێ ناکرێت بۆ گەلانی عێراق، وەك خۆپیشاندەران و نارەزامەندانی شەڕ تێیگەیشتوون (یان وا پیشاندەدەن کە وای تێگەیشتون) ،

بەڵكو تاكە هەڕەشەی سەر ئاسایشی ناوچەكە و بەرپرسیاری هەموو كارەساتە مرۆییەكانی ناوچەكە و عێراقیش (كە سەدام خۆیەتی) لەناو دەبات.

ڕەنگە بگوترێ: جا كێ هەیە هەموو ئەو ڕاستییانە نەزانێت؟

بەڵێ ڕاستە، ئێمەی كورد و هاووڵاتیانی عێراق هەموو ئەو ڕاستییانە دەزانین، بەڵام لەم هەلومەرجە ناسك و چارەنووسسازەدا ئەركی ئێمە ئەوەیە كە ئەو ڕاستییانە بگەیەنینە دەرەوەش و، كارێك بكەین دیسان ڕژێمی عێراق خۆی وەك (قوربانی) نیشان نەداو، خەڵكیش بەناوی (عروبە) و (موسڵمانێتی) و لە هەمووش سەیرتر (مرۆڤایەتی) و (سەرووەریی وڵاتان) و (بەرەنگاربوونەوەی ئەمەریكا) نەكەونە خانەی بەرگریكردن لەو ڕژێمە.

ئەمڕۆ ئێمەی كورد زیاتر لە كەناڵێكی ئاسمانیی تەلەڤزیۆنیمان هەیە و، دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتی كوردی لە تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاودەبێتەوە، ئەمە جگە لەو ژمارە زۆرەی كورد لە هەندەران و، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران بە هاوچەشنانیان لە دنیای دەرەوەدا.

كەواتە ئێستا ئێمە دەنگی بن گۆم نین و دەتوانین كارێك بكەین هەموو دنیا گوێی لێمان بێت.

گەر ئێستا دەربڕینی هەڵوێستی زۆرینەی خەڵكی كوردستان (كە ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە بە ئاواتێكی گەورە و خەونێكی مەزن دەزانن) لەم هەلومەرجەدا لەلایەن سیاسییەكانمانەوە (لەبەر هەر هۆیەك) لە بەرنامەدا نەبێت، ئەوا هیچ نەبێت با لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن و هۆكارەكانی دیكەی پەیوەندییەستن بە دنیای دەرەوەدا، تاوانەكانی ئەم ڕژێمە وەك خۆی بڵاوبكەینەوە و بیخەینە بەردەم ڕای گشتیی دەوروبەرو و عەرەبی و ئیسلامی و جیهان بە گشتی، وێڕای وەبیر هێنانەوەی كارەساتە گەورەكانی وەك كیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال و سەركوتكردنی وەحشییانەی ڕاپەڕین لە باكوور و باشووری عێراق و دەیان تاوانی دیكە.

با هەموو دنیا بزانێت كە تەنانەت لەم هەلومەجەشدا ڕژێم لە دەركردنی كوردان لە ناوچەكانی ژێر دەستەڵاتی خۆی نەوەستا وە و، هەر لەم ڕۆژانەدا دەیان خێزانی كوردی لە كەركوك دەركردووە و، دەیان گوندی لە ناوچەی دەشتی هەولێر لە دانیشتوانەكەی چۆڵ كردووە و، بەرەو ناوچە ڕزگاركراوەكان دەربەدەری كردوون، تەنانەت بە گوێرەی ڕاپۆرتی ( میدل ئیست ووچ) كە ڕێكخراوێكی تایبەتمەندە بە مافی مرۆڤ لە جیهاندا، ژمارەی لە سێدارەدانی بەندكراوان لە عێراقدا لەم دواییەدا لە چاو پێشتر زیادی كردووە!

ئەمانە و دەیان ڕاستیی دیكەی حاشا هەڵنەگر، دەبێت چ لە ڕێیی تەلەڤزیۆنە ئاسمانییەكانمانەوە، چ لە ڕێی بڵاوكراوەكانی سەر ئەنتەرنێتەوە، چ لە ڕێی پەیوەندییەكانمان لەگەڵ دەرەوە و لەڕێیی كوردی هەندەرانەوە، بگاتە هەموو لایەك و، هەمووان بزانن كە گەلانی عێراق بە گشتی و كورد بە تایبەتی لە سایەی ئەو ڕژێمەوە بەردەوام لە مەینەتی و چەوسانەوە و كارەساتدایە و، ئەو شەڕەی بۆ لەناوبردنی بەڕێوەیە، گەر بە ڕاستی ئەو ئامانجە بپێكێ، نەك هەر مەینەتییەكانی زیاد ناكات، بەڵكو ڕزگاری دەكات.

دەبێت ڕێگە نەدەین بە ناوی بەرگریكردن لە گەلانی عێراق بەرگری لەو ڕژێمە دژ بە گەلانی عێراق و عەرەب وئیسلام و مرۆڤایەتییە بكرێت. دەبێت ئەوانە بزانن كە بانگێشتە كردن بۆ مانەوەی سەدام بە هەر بیانوویێك، مانای مانەوەی هەموو ئەو زوڵم و زۆرەیە كە لەسەر گەلانی عێراق بە گشتی و گەلی كوردستان بە تایبەتی هەیە، مانای بەردەوامیی تەعریب و لە سێدارەدان و شوێنبزركردن و قڕكردنی هاووڵاتییانی عێراقەو، هەڕەشەی بەردەوامە لە سەر وڵاتانی دراوسێ و ناوچەكە.

Rizgarab@yahoo.com

**تێبینی كوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣